سەروتار

# سیاسەتی ئەدەبی



د.هاشم ئەحمەدزادە

لە گوتاری لەتوکوتکراوی کوردیدا ئاماژە بە ئەدەبی سیاسی زۆرە. لە پێناسەیەکی گشتیدا ئەدەبی سیاسی بە ئەدەبێک گوتراوە کە ڕاستەوخۆ لە سیاسەت دواوە و مەبەستی سەرەکیی شتێک نەبووە جگە لە وورووژانـدن و ڕاڤەی سیاسی. ئەمە، نەک هەر لە گوتاری کوردیدا، بەڵکو لە گوتاری زۆر ئەدەب و وڵاتی تریشدا چەمکێکی نامۆ نەبووە و زۆر کەس و لایەن بە گۆترە و ڕەشۆکییانە لە ئەدەبی سیاسی دواون و زۆر جاران ئەدەبیان بە گوتارێکی جیاواز لە سیاسەت زانیوە و ئاواتەخواز بوونە ئەدەب کاری بەسەر سیاسەتەوە نەدابێت. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە زۆرن و وەک سەرەکیترین هۆکار، بە باوەڕی من، مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بە سەردەستبوونی گوتاری سیاسی لە کوردستاندا بکات. وێناچێت هیچ بوارێک لە پانتایی گشتی لە کوردستاندا مابێت کە  سیاسەت داگیری نەکردبێت. ئەگەر بواری سیاسی هەڵقولاوی دەسەڵاتی گەل بێت و سیستمی سیاسی لە ئاکامی هەبوونی پێشینەیەکی بەهێزی دێموکراتیکدا پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ و هەروەها ماف و ئەرک لە بەستێنێکی ئازاددا بە شێوەیەکی دامودەزگایی ڕێک بخات، ئەوە گرفتی زۆر ڕووبەڕووی هاووڵاتی نابێتەوە. بەڵام لە نەبوونی هەلومەرجی ئەوتۆدا، هاووڵاتی ڕۆژانە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی سیاسەتگەلێک ڕووبـەڕوو دەبێتەوە کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا نین و تەنیا خواستی توێژگەلێکی تایبەت لە کۆمەڵگەدا نوێنەرایەتی دەکەن. ئەمە لە نەبوونی تێگەیشتنی هەمەلایەنە بۆ سیاسەت، دەبێتە هۆکاری سڵەمینەوەی هاووڵاتی لە سیاسەت و کارکردە نەرێنی و نامۆکارانەکەی. لە هەلومەرجی ئاوادا ڕەنگە چاوەڕوانیی سارێژکردنی برینە دەستکردەکانی سیاسەت لە ئەدەبێکی ناسیاسیدا بدۆزرێتەوە. بەڵام کۆمەڵگەیەک کە تێیدا سیاسەت لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا ڕمبازێن دەکات و نوێنەرایەتیی ئیرادەی مێژوویی مرۆڤەکان ناکات، چاوەڕوانییەکی لەم چەشنە تەواو هەڵخەڵەتێنەرانەیە. بە واتایەکی تر لە ئامادەنەبوونی مافە دێموکراتیکەکاندا ناکرێ باوەڕ بکەین کە دەسەڵات دەست ناوێتە هەموو گوتارەکانی کۆمەڵگە، بە گوتاری ئەدەبیشەوە. هەر بۆیە چاوەڕوانیی لەئارادابوونی ئەدەبی ناسیاسی چاوەڕوانییەکی بێهودەیە و وەک لێکۆلەری بلیمەتی ئەمریکی، جودیس فێتتێرلی دەڵێت، هەموو ئەدەبێک سیاسییە.

ماندووبوون لە ئەدەبی سیاسی، بە سیاسەتی ئەدەبی وڵام

دەدرێتەوە. لێرەدا پێچەوانەکردنەوەی شوێنی ئەم ناو و ئاوەڵناوە، هاوکێشییەکی نوێمان ئاراستە دەکات کە دەتوانێت ڕێگەخۆشکەری کارکردی دروستی سیاسەت و ئەدەب لە کۆمەڵگەدا بێت. ئەگەر ئەدەب بریتی بێت لە ڕوانینێکی جوانیناسانەی ورد بۆ جیهانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ناسین و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، ئەوە دەبێت بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی شیاوی ئەدەبی، هەموو هەوڵەکان بۆ برەوپێدانی ئەم بوارە لە ژیانی مرۆڤدا تەرخان بکرێن. هەبوونی گۆڤارگەلێک کە بتوانن خزمەتی گەشەی ئەدەبی بکەن، پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. گۆڤارە ئەدەبییەکان لە دونیای هەموو ئەدەبەکاندا ئەو بەستێن و ئامرازە گرنگە بوونە کە گەشەی ئەدەبی و کارکردی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانیان دەستەبەر کردووە. لە سکرووتینیی ئیلیۆتەوە هەتا پاشکۆی ئەدەبیی تایمز، لە گەلاوێژەوە هەتا سروە، لە ویرگولی تورکییەوە هەتا کەرمەلی عەرەبی،لە هاوارەوە هەتا ڕووناهی، لە ڕامانەوە هەتا ئایینده، لە یەغماوە هەتا نگینی فارسی، جێپێی گۆڤاری ئەدەبی لە خەملاندنی ئەدەبی و پەیامنێریی ئەدەبیدا دیارە. بارانی وەرزییانە لە سەردەمانی بێئاویی و وشکەساڵیدا دەبێ ئافرێنەری فەزایەکی ئەوتۆ بێت کە ڕەخنە و وەرگێڕان و چیرۆک و هەڵسەنگاندنی ڕۆمان و شیعری کوردی و جیهانی، ڕەنگدانەوەیەکی واهای هەبێت کە هۆگرانی ئەدەب، پێوەرێکی دەستنیشانکردنی زەمەنیان سەرەتای وەرزەکان و دەرچوونی باران بێت. ئەگەر باران بتوانێت سیاسەتێکی ئەدەبیی ئەوتۆ ڕەچاو بکات، ئەوە لە ئێستا و داهاتوودا دەتوانێت ببێت بە هۆکاری سەوزایی ئەدەبی کوردی لە کوردستاندا.